# کارەساتی دوعا بۆ بەردەم فەلەکەدین کاکەیی

عبدالرحمان مولود
دانشگای کارلتۆن/ کەنەدا

بینینی دیمەنەکانی لە ناوبردنی دوعا ویژدانی هەموومانی هەژاند. دوعا یەکەم کەس نییە بەم شێوە بەربەریە کۆتایی بە ژیانی فیزیکی بهێنرێت بەداخەوە دواکەسیش نابێت.
هێشتا ڕێگایەکی دوور و درێژ لە بەردەم کۆمەلگای کوردستان ماوە بۆ ئەوەی توندو تیژی دژی ژنان لە هزری هەموو تاکێکی کۆمەلگای کوردستان بێتە دەرێ. خوازیارم کۆمەلگای کوردستان و ئەوانەی ئەرکی بەرێوەبردنی کۆمەلگای کوردستانیان لە ئەستۆیە پەند لە کارەساتی دوعا وەربگرن، بە دوای ریشەو سەرچاوەی ئەو کارەساتە بگەرێن و وەک ڕووداوێکی گوزەر مامەلەی لە گەلدا نەکەن.
دەزانن کوشتنی دوعا چ تایبەتمەندیەکی هەبوو بەبەراورد لەگەل کوشتنەکانی تری ناموس پەرستی؟ ئەم جارەیان ئەو کوشتنە بە شەوێکی تاریکی ئەنگوستەچاو لەلایەن چەند دلّ رەش و ویژدان تەپیوێکی پیاو سالار بەرێوە نەچوو. ئەم جارەیان بە نوێژی نیوەرۆ ، لە بەردەم شاریک، بە ئامادەبوونی شارێک و بە بەشداری شارێک ئەو تاوانە ئەنجام درا، هەر بۆیەش نەک بنبرکردنی ئەو دیاریدەیە، تەنانەت کەمکردنەوەشی پێوستی بە تێرامانینی قولّ، لێکۆلینەوەی وورد ، پلانی درێژخایەن و بریاری ئازایانە هەیە.
کۆمەڵگای کوردستان بەگشتی و جڤاتی ئێزدیش بە تایبەتی پێوستی زۆری هەیە بە زانینی کیشەی ژنان و کاریگەری توندو تیژی دژ بە ئافرەت لە سەر کۆمەڵگا. دەبێت کۆمەڵگا بەو کاریگەریانە ئاشنا بکرێن و تێبگەێنرێن کە توند و تیژی دژی ژنان نەک هەر تاوانە بەلکۆ بەربەستی سەرەکی بەردەم هەموو پێشکەووتن و ئازادیەکیشە. ناکرێ قسە لە سیستەمی دیمکراسی کۆمەلگا بکرێت لە کاتێکدا ژنان لەسەر عیشق بەردباران بکرێن.
هۆشیارکردنەوەی کۆمەلگا لە سەر دیاردەی توند و تیژی دژ بەژنان یەکەکە لە ڕێگاکانی چارەسەرکردن. ئەم هەولّەش پێویستی بەکاری بەردەوام و سیستەماتیک هەیە. بۆ ئەم مەبەستەش ، بە ڕای من، دەکرێ لە وزارەتی ڕۆشەنبیریەوە دەست پێبکرێ. من لەم چەند دێرەی خوارەوە چەند پێشنیارەک دەخەمە بەردەم وەزیری ڕۆشەنبیری کاک فەلەکەدین کاکەیی. تکام لە بەرێزیانە کە چاوێک بە بەرنامەی وزارەتەکەیان بخشێنەوە، بزانن چەند لەو کارانەی باسیان دەکەم ئەنجام دراون تاکو ئەوانەی ئەنجام دراون کارامەتر بکرێن و ئەوانەش نەکراون بخرێنە بەرنامەی کارکردن.

بەرێزم،
کە تۆ پارە دەدەی بە گۆرانی بێژان داواشیان لێ بکە ژمارەیەکیان بەیەکەوە هەرچی نەبێت سالێ دوو کۆنسێرت بگێرن تیایدا ئیدانەی توند و تیژی لە سەر ژنان بکەن و داهاتی کۆنسێرتەکەش بخەنە خزمەت پرۆژەی دژ بەتوند و تیژی لە سەر ژنان.

که تۆ پاره له هونەر و هونەرمەندان سەرف دەکەیت  داواشیان لێ بکه هەرچی نەبێت ساڵێ یەک دوو فلیمی دراما، زنجیرەی تەلەفزیۆنی و بەرنامەی تایبەت لەسەر کارەساتی توند و تیژی دژی دایک، خووشک، کچ و هاوسەرمان دەربێنن؛ ئاسەواری خراپی ئەو پراکتیزه قیزەوەنه ریسوا بکەن و کاریگەری خراپی له سەر کۆمەڵگا روون بکەنەوە.

که تۆ پاره دەدەی به نووسەران، داواشیان لێ بکه که دوو چیرۆک، ڕۆمانێک، کتێبێکی منالان هتد دژ به ناموس پەرستی بنووسن.  ساڵانەش  دوو پێشبرکێ رێک بخه له سەر باشترین چیرۆک، ڕۆمان ، هۆنراوە که دژ به توندو تیژی نووسرابێ.

 بەرێزتان و ئەوانەی وەک  بەرێزتان که تۆرێک له ئامرازی پەخش و ڕاگەیاندنتان لەبەر دەست دایه ئەرکتانه،  به تایبەتیش دوای کارەساتی دوعا،  گفتوگۆیەکی زیندوو بێنه گۆری له سەر ئایین گۆرێن.  پێویسته مونازەره(دیبەیت) ی  بەردەوام له سەر ئایین گۆرین بکرێت.  داوا له حیزبه دینیەکان،  ئەوقاف و ناوەنده دینیەکان بکرێت هەڵوێستی دەربارەی ئایین گۆریین ڕابگەێنن.  بۆ نموونه،   هەلوێستی ئاینی ئیسلامی چییه کاتێک ئیسلامێک دەبێت به ئێزدی یان دیان و پێچەوانەکەشی ؟  بەهەمان شێوە هەڵوێستی ئایننی کریستانەتی چییه کاتێک دیانێک دەبێته موسلمان یان ئێزدی ... تاد ؟

له کۆتایشدا دەلێم ، جێگای خۆیەتی که ئێمەی کوردیش وەک زۆربەی میللەتانی جیهان  ڕۆژێکمان هەبێت له ساڵ  که " ڕۆژی دژ به توند و تیژی ژن"  بێت.  بۆ ئەو ڕۆژەش 7ی گوڵان باشتریین ڕۆژه ؛ نەک تەنها لەبەر ئەوەی دوعا بەحزینان و بەعشیقه خسته سەر نەخشەی کوردستان و دونیاش، بەلکۆ  بۆ ئەوەی نەوە دوای نەوە کارەساتی دوعا له بیرنەکەین،  نەفرەتیش بکەین  له دیاردەی ناموس پەرستی  نا سروشتی کۆمەلگای کوردی  و هەموو شێوەکانی توندی و تیژی دژ به ئافرەتان.